ئەرشیفی بابەتەکانی فێرگەی هەموو بۆ کوردان

**شیکردنەوەی 1/ Clone CD 5.0.0.0.**

نووسەر: @:

شیکردنەوەی Clone CD 5.0.0.0.

Clone CD چیە؟

Clone CD پرۆگرامێکی سیدی ڕوونووس (کۆپی) کردنە. کە بە پرۆگرامێکی زۆر چاک و سەرکەوتوو لەم بوارەدا ناسراوە، ئێستاش بەکارهێنەرانێکی زۆری هەیە بە هۆی چەند تایبەتمەندیەکەوە. لەو تایبەتمەندیانە ڕوونوس کردنی سیدی پارێزراو و بەکاربردنی شێوازی جۆراوجۆر بۆ سووتاندنی جۆرەکانی سیدی.

بۆ نموونە بۆ ئەوەی بتوانرێ سیدی یاریەک کە لە پرۆگرامەکانی دیکەی سیدی کۆپی کردندا کۆپی ناکرێت، لە Clone CD کۆپی بکرێت، دەتوانرێت شێوازی کۆپی کردنی سیدی یاریی هەڵبژێرێت، لەو کاتەدا پرۆگرامەکە شێوازێکی تایبەت بۆ ئەو ڕوونوس کردنە دەباتە کار کە بتوانێ ئەو سیدیە پارێزراوە ڕوونووس بکات.

بۆ هەندێک زانیاری و داگرتنی Clone CD سەردانی ئێرە بکە.

بۆ تۆمارکردنی پرۆگرامەکە:

* ئەبێ پرۆگرامی Clone CD داخرابێت.

پەڕگەی Keygen.exe بکەوە، پاشان کرتە بکە سەر Generate، بەو شێوەیە زانیاری پێویست بۆ تۆمارکردنی پرۆگرامەکە لە Registery دا تۆمار دەبێت و پرۆگرامەکەش تۆمار دەبێت. شێوەی سەرەکی پرۆگرامەکە.




1> دروستکردنی وێنەیەک یان ڕوونووسکردنی سیدیەک و پاشان پاشەکەوتکردنی لە نێو کۆمپیوتەردا. بە فۆرماتێک کە پاشتر پرۆگرامەکە بیناسێتەوە و بتوانێ کاتێکی دیکە بیسووتێنێتە سەر سیدی بەتاڵ.

2> سووتاندنی وێنەیەکی دروستکراو لە خاڵی یەکەمدا بۆ سەر سیدی بەتاڵ.

3> ڕوونوس کردن لە سیدیەوە بۆ سیدی.

4> سڕینەوەی زانیاری سووتێنراو لەسەر سیدیەک، بەمەرجێک سیدیەکە پاڵپشتی سڕینەوە بکات.

Read To Image File ڕوونووسکردنی سیدی بۆ نێو کۆمپیوتەر.



بۆ دەستپێکردنی لەڕوونووسینەوەی سیدیەک بۆ نێو کۆمپیوتەر و پاشان سووتاندنی لەسەر سیدی بەتاڵ کرتە بکە سەر ئایکۆنی فەرمانەکە کە لە وێنەی سەرەوە ڕوونە.

پاشان سیدی خوێنەر هەڵبژێرە.




5> هەندێک زانیاری بەسوود سەبارەت بە ئەو سی‌دی خوێنەر/ سووتێنەرەی کە دەستنیشان کراوە.
Next کرتە بکە، پاشان شێوازی ئەو سی‌دیە دەستنیشان بکە بۆ نموونە Protected PC Game واتە یاری پارێزراوی کۆمپیوتەر.




جارێکی دیکە Next کرتە بکە.




پاشان لە شوێنێکی نێو کۆمپیوتەرەکەت پەڕگەی ڕوونووس / وێنەی سی‌دی پاشەکەوت بکە.
گەر خاڵی Create Cue Sheet چالاک بکەیت، پرۆگرامەکە پەڕگەیەکی دیکە بە فۆرماتی Cue دروست دەکات، بۆ ئەوەی بتوانرێ ئەو وێنەی کە Clone CD دروستی دەکات لە پرۆگرامەکانی دیکەی سی‌دی سووتاندن وەک Nero بسووتێندرێتە سەر سی‌دی.
پاشان OK کرتە بکە.




لەڕوونووسینەوە و دروستکردنی وێنە لە سی‌دی دەست پێدەکات.
* تێبینی: گەر دەتەوێ سی‌دی یاریی ڕوونووس بکەیت، چاکتر وایە بەم شێوەیە جێبەجێی بکەیت، واتە لە هەوەڵدا وێنەیەکی پاشەکەوت بکرێتە نێو کۆمپیوتەر و پاشان ئەو وێنەیە بسووتێندرێتە سەر سی‌دی. گەر بە شێوەی ڕاستەوخۆ (سی‌دی بۆ سی‌دی) ڕوونووس بکرێت هیوای کارکردنی زۆر کەمترە.
Write From ImageFile سووتاندن لە پەڕگەیەکی وێنەوە بۆ سەر سیدی.



پەڕگەی پاشەکەوتکراوە بکەوە.




پاش دەستنیشان کردن، Next کرتە بکە.




4> خێرایی سووتاندن بۆ سەر سیدی.
5> جارێکی دیکە ئەو شێوازە سیدیە هەڵبژێرە کە پێشتر بۆ دروستکردنی وێنەی سیدی جێبەجێت کردووە.
پاشان OK کرتە بکە. ئەبێ سیدیەکی بەتاڵ هەبێت لەنێو سیدی سووتێنەری کۆمپیوتەر بۆ ئەوەی وێنەی ویستراو بسووتێندرێت.
کۆتایی بەشی یەکەم.
بۆ خوێندنەوەی بەشی دووەم ئێرە کرتە بکە

Oct 2005 31

[Tighten Sagging Skin]
30 Minute Face Lift! No Wrinkles Or Slack Skin. Retain Youthful Skin

[Chin Bar]
Your One-Stop Body Jewellery Shop. 100% Safe Shopping. Buy Online Now!

Ads by Google